**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار: ١٢**

**مێژووی بڕیار: ١٩٩٣/٢/٢٤**

بەپێ ی حوکمی برگەی (١) لەمادة (٥٦)ی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ ولە سەرپێشنیازی وەزیری پیشەسازی ووزە وبڕیار **لە سەر دانی** ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانی ی کوردستان عیراق **لە دانیشتنی** ڕۆژی ١٩٩٣/٢/١٧ دا بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ١٩٩٣

### یاسای وەزارەتی پیشەسازی ووزەی هەرێمی کوردستانی عێراق

**مادەی یەکەم:** مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ـ ماناکانی تەنیشتیانە:

١ـ هەرێم: هەرێمی کوردستانی عیراق.

٢ـ وەزارەت: وەزارەتی پیشەسازیووزەی هەرێم.

٣ـ وەزیر: وەزیری پیشەسازی ووزەی هەرێم.

٤ـ بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی پیشەسازیو ووزەی هەرێم.

٥ـ ئەنجومەن: ئەنجومەنی راوێژکاری ی وەزارەت.

**مادەی دووەم:** وەزارەت ئەم ئەرکانە بەجێ دێنێ:ـ

١) پێشنیاز کردنی نەخشەی ساڵانەی درێژ خایەن لە بواری پیشەسازی و کارەباو دەرهێنانی نەوت وکانزا (معادن) وئەو چالاکی یانەی تر کە بەندی وەزارەتن.

٢) بە بەرهەم هێنان (استثمار) ی کانەبەرد (المقالع) وکانگا (المناجم) و بیرەکانی نەوت وسەرچاوەکانی خولقاندنی وزە (تولید الطاقة).

٣) هەوڵدان بۆ راکێشانی سەرمایە وهاندانی بەبەرهەم هێنان لە بواری پیشەسازی لە هەرێمدا.

٤) ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە وسەرنجدانی ئەو لێکۆڵینەوانەی سەبارت بەو پرۆژانەی دەکەونە چوارچێوەی چالاکییەکانی وەزارەتەوە پێشکەشی دەکرێن وبریاردان لە بارەیانەوە لە بەر رۆشنایی سوودی ئابووری وهونەری ی ئەو پرۆژانەدا.

٥) دامە زراندنی پرۆژەی نوێ لە چوارچیوەی چالاکی یەکانی وەزارەتدابە پێی پێویستی وتوانای هەرێم لە رووی ئابووری وهونەری یەوە وهەولدانی پەرەپێدان وپێشخستنی ئەو پرۆژانەی کە هەن.

٦) لێکۆڵینەوەی داخوازی یەکانی دامە زراندنی پرۆژەی تیکەڵاو و تایبەتی وبریار لە سەردانیان بەپێ ی سیاسەتی پیشەسازی هەرێم لەگەڵ دانانی پێوانە ومەرجی تایبەتی بۆ دامە زراندنی ئەو پرۆژانە.

٧) دانانی سکیچ ونەخشە وپرۆگرامی کارکردن بۆ ئەو پرۆژانەی جیبە جێ کردنیان لە ڕێگەی دام ودەزگا وراوێژکارانی وەزارەت خۆیە وە پێ ی سپێردراون.

٨) جێبە جێ کردنی ئەو پرۆژانەی لە لایەن دام ودەزگا جێبە جێکارەکانی و بەڵێندەرانەوە لە ڕێگەی داکشانی گشتی (المناقصة العامة) وبانگکردنی راستەو خۆ یا هەر ڕێگەیەکی ترکە بۆ جێبە جێ کردنی ئەو پرۆژانە بەپەسندی دەزانێ پێ ی سپێردراون.

٩) وەزارەت بەسیفەتی بەڵێندەر ولە ڕێگەی دام ودەزگا جێبە جێکارو سکێچکێشەکانی خۆیەوە (تشکیلاتها التنفیذیة والتصمیمیة) مافی جێبە جێ کردنی پرۆژەکانی هەر لایەکی تری ناو هەرێمی هەیە.

١٠) هاندانی کەرتی تایبەتی وتیکەڵاو وپێشکەشکردنی گشت ئاسانکاری ـ یەکی (التسهیلات) هونەری وئیداری ودارایی بۆیان کە لە توانادابێ بەمەبەستی پێشخستن وفراوان کردنی ئەم دووکەرتە.

١١) پارێزگاریکردن وپاراستنی کارگەو وەرشەکان وکەرتی نەوت وپرۆژەکانی وزەی کارەباو سەرچاوەکانی کانزاو کانە بەردەکان وگشت ئەوانەی دەکەونە ناو چوار چێوەی چالاکی یەکانی وەزارەتە وە لە ڕێگەی دام ـ ودەزگاکانی یەوە وبەهاوکاری لەگەڵ دەزگاکانی تردا.

١٢) سەرپەرشتی کردنی پیشەسازی وبازرگانی ی توتن بە سازکاری (التنسیق) لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکاندا.

١٣) سەرپەرشتی کردنی سیاسەتی دارایی وئابووری ی فەرمانگەو دەزگا بەندەکانی وەزارەت ورێکخستنی بەبەرهەم هێنانی ئەوپارە وپوولانەی زیاد لە پێویستن.

١٤) بە خووە گرتنی دەست بەسەردا گرتنی جۆرەکی (السیطرة النوعیة) وبەشدار بوون بە دیاریکردنی مەرجەکاندا (اعداد المواصفات) لە بواری پیشەسازی ووزە وکانزا دا بۆ کەرتی گشتی وتێکەڵاو وتایبەتی. وەزارەت بۆی هەیە لە سیستمی کولفەی بەرهەمە پیشەسازی یەکان بکۆڵێتەوە وبەپێ ی پێویست چاودێری ی نرخیان بکاو سنووریان بۆ دابنێ.

١٥) پارێزگاریکردن لە پیشەسازی ی نیشتمانی بەپێ ی بەرژەوەندی گشتی

١٦) هەوڵدان بۆ هاندانی ناردنی بەرهەمی پیشەسازی بۆ دەرەوەی هەرێم لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی ی گشتیدا

١٧) وەزارەت بۆی هەیە پیشانگای پیشەسازی لە ناو هەرێم ودەرەوەیدا بکاتەوە وبەشداری لە پیشانگا پیشەسازییە نێودەوڵەتی یەکاندا بکا یا بواربە دەوڵەتان وکۆمپانیاکان بدا کە پیشانگای پیشەسازی لە ناو هەرێمدا سازبکەن.

١٨) بەڵێنکاری لەگەڵ کارمەندە بیانییە کاندا یائەو کۆمپانیا ودەزگایانەی تایبە ـ تکارن بۆ ئیشکردن لەکارگە وفەرمانگە کانی وەزارتدا یا بۆ تەواو کردنی کارو ـ فرمان کەپێ یان سپێردراوە.

١٩) هاندانی پیشەسازییە دەستکردو پیشەیی یەکان

مادەی سێیەم:

١ـ وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتەو وبەرپرسیاری یەکەمەلە جێبە جێ کردنی سیاسەتەکە یدا وچاودێری کردنی جێبە جێ کردنی یاساو پەیرەو ورێنمایی یەکانی وهەر لەویشەوە ئەو بریارو فرمان ورێنمایی یانە سەربارەت ئەرك ودام ودەزگاو دەسەڵاتەکانی وەزارەت و گشت کاروباری

ئیداری وهونەری یەکانی دەردەچن لە چوار چێوەی ئەم یاسایە ویاسا ڕەچاوکراوەکانی تردا وبۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی بەبریکاری وەزارەت وبەڕێوەبەرەگشتی یەکان یاسەرۆکەکانی فەرمانگە سەرەکی یەکانی وەزارەت بسپێرێ ولە بەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا بەوسیفەتەی ئەندامێکی ها وبەشێتی بەرپرسیارە.

٢- بریکاری وەزارەت ئەو ئەرکانە بەجێ دێنێ کەوەزیر پێ یانی دەسپێرێ.

٣- دام ودەزگاکانی مەڵبەندی وەزارەت لە مانە پێکدێ:

أ- نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك بەپلەی بەرێوە بەر سەرۆکایەتی ی دەکا وچەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

ب- نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبا وچەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

**مادەی چوارەم**: بەریوە بەرێتی یەکانی دیوانی وەزارەت ودام ودەزگاکانی:

١- بەرێوە بەرێتی ی گشتی ی دیوان: فەرمانبەرێك بەپلەی بەرێوە-بەری گشتی کەباوەڕ نامەی سەرەتایی ی زانکۆی هەبێ سەرۆکایەتی ی دەکاو ئەمانەی پێوە دەبەسترێنەوە:

أ- بەرێوە بەرێتی ی کاروباری ئیداری.

ب- بەرێوە بەرێتی ی پەیوەندی یەکان.

جـ- بەرێوە بەرێتی ی کاروباری یاسایی.

د- بەرێوە بەرێتی ی هێزی کارکەر (القوى العاملة).

٢- بەرێوە بەرێتی گشتی ی کاروباری هونەری وبەرهەمهێنان: فەرمانبەرێك بەپلەی بەرێوەبەری گشتی کەباوەڕ نامەی سەرەتایی ی زانکۆی هەبێ ولە کارمەندان وتایبەتکاران بێ سەرۆکایەتی ی دەکا وئەمانەی پێوە دەبەسترێنەوە:

أ- بەرێوە بەرێتی ی نەخشەکێشان ولێکۆڵینەوە.

ب- بەرێوە بەرێتی ی کاروباری کارگەکان.

جـ- بەرێوە بەرێتی ی ڕێکخستن وپارمەتیدان.

د- بەریوە بەرێتی پوختەکردن وپیشەسازی ی توتن.

٣- بەرێوە بەرێتی ی گشتی ی نەخشەکێشان وچاودێری ی دارایی: فەرمانبەرێك بەپلەی بەرێوەبەری گشتی ی کەباوەڕ نامەی سەرەتایی ی زانکۆی هەبێ ولە کارمەندان وتایبەتکاران بێ سەرۆکایەتی ی دەکا وئەمانەی پێوە دەبەسترێنەوە:

أ- بەرێوە بەرێتی ی چاودێری دارایی.

ب- بەرێوە بەرێتی ی ژمێریاری ی دارایی وکولفە (الكلفة).

جـ- بەرێوە بەرێتی ی کۆمپیوتەر.

٤- بەرێوە بەرێتی ی گشتی نەوت وکانزاکان: فەرمانبەرێك بەپلەی بەرێوەبەری گشتی کەباوەڕ نامەی سەرەتایی ی زانکۆی هەبێ ولە کارمەندان وتایبەتکاران بێ لە جیولۆجیا دا سەرۆکایەتی ی دەکا وئەمانەی پێوە دەبەسترێنەوە:

أ- بەرێوە بەریتی ی ڕووپێوی جیولۆجی وکانزا دۆزی (المسح الجيولوجي والتحريات المعدنية).

ب- بەرێوە بەرێتی ی کاروباری نەوت.

٥- بەرێوە بەرێتی ی گشتی ی وزەی کارەبا: فەرمانبەرێك بەپلەی بەرێوەبەری گشتی کەباوەڕ نامەی سەرتایی زانکۆی هەبێ ولەکار مەندان وتایبەتکاران بێ سەرۆکایەتی ی دەکا وئەمانەی پێوە دەبەسترێنەوە.

أ- بەرێوە بەرێتی ی خولقاندن وگواستنەوەی وزەی کارەبا.

ب- بەرێوە بەرێتی ی دابەشکردنی کارەبا.

**مادەی پێنجەم:**

١- لە دیوانی وەزارەتدا ئەنجومەنێك بەناوی (ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ی وەزارەت)ە وەبەسەرۆکایەتی ی وەزیر بەم شێوەیە پێکدێ:

أ- بریکاری وەزارەت جێگری سەرۆك

ب- بریکاری وەزارەتی دارایی وئابووری ی هەرێم ئەندام

جـ- بریکاری وەزارەتی کشت وکاڵ وئاودێری ی هەرێم ئەندام.

د- بەرێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت ئەندام

هـ- نوێنەری یەکێتی ی پیشەسازی یەکانی هەرێم ئەندام

و- نوێنەری یەکێتی ی نەقابەکانی کرێکارانی هەرێم ئەندام

ز- هەرکار مەندێکی تایبەتکار کەوەزیر لەناو وەزارەت یادەرەوەیدا هەڵیدە بژێرێ. ئەندام

٢- ئەنجومەن بە لایەنی کەمەوە هەردوو مانگ جارێ کۆدەبێتەوە ویاهەر کاتێك کە پێویست بوو، کۆبوونەوەش بەبێ ئامادەبوونی سەرۆکەکەی یا ئەو کەسەی لە کاتی ئامادەبوونییدا جێگەی دەگرێتەوە ناکرێ. ئەنجومەن لەم بوارانەدا ڕاوێژ پێشکەش دەکا.

أ- سیاسەتی پیشەسازیی کەرتەکانی وەزارەت ودانانی درێژەی نەخشە بۆیان

ب- سیاسەتی دارایی وئابووریی فەرمانگەو بەرێوەبەریەتی گشتییەکانی وەزارەت.

جـ- ڕێکخستنی بەبەرهەم هێنان (استثمار) پارەوپوولانەی لە هەندێ لە کەرتەکانی وەزارەتدا لە پێویست بەدەرن (فائضة).

د- سازکاری (تنسيق العمل) لەنێوان کەرتەکانی بەرهەم هێناندا و یەکخستنی شێوازو کێشە هاوبەشیەکان وپێشنیاز کردنی ڕێنمایی و پێشکەشکردنی ئامۆژگاری.

**مادەی شەشەم**

١- گشت مافەکانی ئەو دامو دەزگایانەی لەوە بەر بەوەزارەتی پیشەسازی مەڵبەندەوە بەسترابوونەوە یاپێوەی بەسترانەوە دەبنە موڵکی وەزارەت.

٢- موڵکیەت و مافەکانی گشت ئەوفەرمانگەی لەوەبەر بە وەزارەتەکانی ترەوە بەسترابوونەوە یا کەوتبونە چوارچێوەی تایبەتکارییەکانیانەوە دەبنە موڵکی وەزارەت.

**مادەی حەوتەم**:

١- وەزیر بۆی هەیە لە چوارچێوەی دامو دەزگاکانی بەرێوەبەریتییە

گشتییەکان ولەکاتی پێویستدا بەڕێوەبەرێتی یابەش یالقی نوێ پێکبێنێ یا بیانخاتە پاڵ یەکتر .

٢- ئەرکو دەستەڵاتەکانی وەزارەت بەپەیڕەوێك دیاری دەکرێن .

٣- وەزیر بۆی هەیەپێی پێویست لیژنەی هەمیشەیی یا کاتی پێکبێنێ .

**مادەی هەشتەم** : وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانیی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکا .

**مادەی نۆیەم** :کاربە هیچ دەقێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاساییدا ناکۆك بێ .

**مادەی دەیەم** : دەبێ ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم ئەم یاسایە جێبەجێ بکا .

**مادەی یازدەم** : ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەیە لەرۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێ .

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی**
**کوردستانی عیراق**
**١٩٩٣/٣/١٨**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان**
**ژمارەی بریار :١٥**
**مێژووی بریار ١٩٩٣/٣/١**

بە پێی حوکمی برگەی (١) لە مادە (٥٦) ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢و لە سەر پێشنیازی وەزیری دارایی و ئابووری وبریار لە سەردانی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی رۆژی ١٩٩٣/٢/٢٨ دا بریاری دەرکردنی ئەم یاسایەیدا :-

**یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٩٣**

**یاسای بووجەی ساڵی ١٩٩٣ی هەرێمی کوردستانی عیراق**

**مادەی یەکەم** : (١/٢٣٤/٨٦٩/٤٠٠) دینار بۆ مەسرەفی ساڵی ١٩٩٣ی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق و وەزارەتەکان وبەڕێوەبەریتییەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق تەرخان دەکرێ.

**مادەی دووەم** : داهات بە کۆی (١٠١٣/٨١٢/٠٠٠) دینار دەخەملێنرێ.

**مادەی سێ یەم** : وەزارەتی دارایی وئابووری هەرێمی کوردستانی عیراق بە پێی ئەو داهاتە دارایەی لە بەر دەستدا دەبێ مەسرەفی وەزارەتەکان و بەڕێوەبەریتییەکان دەکێشێ .

**مادەی چوارەم** : أ- وەزیری دارایی وئابووری دەسەڵاتی گواستنەوەی لە سنووری (اعتماد)ی یەك بابدا دەدرێتێ جگە لەبەشی (فصل) مووچە کە دەشێ بۆی بگوازرێتەوە ونابێ لێی بگوازرێتەوە.

ب - سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆی **هەیە گواستنەوە** لە سنووری بووجە تایبەتی یەکەی ئەنجومەندا بکا .

**مادەی پێنجەم** : وەزیری دارایی وئابووری بۆی هەیە بە مەبەستی سازکردنی توانای سەرفکردن بۆ ئەو بەڕێوەبەریتیانەی کە بڕیاری جیاکردنەوەییان لە وەزارەتێك و بەستنەوەیان بە وەزارەتێکی ترەوە دەدرێ گواستنەوە لە نێوان بابەکانی بووجەکەدا بکا .

**مادەی شەشەم** : وەزیری دارایی وئابووری دەسەڵاتی زیادکردنی (اعتماد)ی کۆی بووجەی سەلمێنراوی ساڵی ١٩٩٣ی بەڕێژەیەك کە لە (١٪)ی کۆی (اعتماد)ی سەلمێنراوی بووجە نەبێ بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە دەدرێتێ :-

١- (اعتماد)ی ئەو پارانەی بۆ ئەو بەڕێوەبەرێتی یانە پێویستن کە لە ساڵی ١٩٩٣ دا پێك دەهێنرێن .

٢- ئەو (اعتماد)ە نوێ یانەی ئەنجومەنی وەزیران لە حاڵەتی ناکاوی (طارئ) دا بریار دەدا پیانخاتە سەر بووجەی وەزارەتەکان و بەرێرەبەریتییەکان .

**مادەی حەوتەم** : وەزارەتی دارایی وئابووری لە بەر رۆشنایی ئەو پارەو پوولەی لە بووجەدا بۆ مووچە دانراوە ئامادەکردن وسەلماندنی میلاکی گشت وەزارەتەکان وبەڕێوەبەریتییەکانی ساڵی ١٩٩٣ی هەرێمی کوردستانی عیراقی لە ئەستۆ دەبێ.

**مادەی هەشتەم** : هەموو وەزارەتەکان دەبێ لە ما وەی یەك مانگدا لە رۆژی سەلماندنی بووجەوە تاك تاکی (مفردات) بووجە کە بە سەر جۆرەکاندا (انواع) دابەش بکەن .

**مادەی نۆیەم** : دەبێ وەزیری دارایی وئابووری لە ماوەیەکدا کە لە رۆژی سەلماندنی ئەم یاسایەوە لە یەك مانگ تێپەر نەکا رێنمایی پێویست بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتی سەرفکردن لە لایەن بەڕێوەبەریتییەکانی میرییەوە دەربکا .

**مادەی دەیەم** : وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانیی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکا .

**مادەی یازدەیەم**: ئەم یاسایە لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەکرێتەوە ولە رۆژی ١٩٩٣/١/١ وە جێ بەجێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان**
**عیراق**